
سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی ئەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

20 Augustus 2018
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
ساڵی یەکەم 20 ئابی 2018 ژمارە 8

# تراژیدیای خێرخوازێکی هۆڵەندی لە باشوری کوردستان لە ساڵی ١٩٧٥







لێکس ئارنسن((Lex Aronson ، یا ئەلیکسەندەر لەیندەرت ئارنسن (Alexender Leendert Aronson)، مرۆڤێکی خێرخوازی ئایدیالیستی هۆڵەندی بوو. ماڵوێرانی و کارەساتەکانی شەڕی دووەمی جیهان، کە خۆی و کەس و کاری قوربانی ڕاستەوخۆی بوون، سەرچاوەی مرۆڤدۆستیی بێسنوری ئارنسن بوون. ئەو بە ڕەچەڵەک جو بوو، بۆیە خۆی و خێزانەکەی لە ساڵانی شەڕی دووەمی جیهانیدا بەر ڕق و کینەی نازییەکان کەوتن و جەزرەبەی زۆریان بە دەستیانەوە بینی. ڕۆژانی پڕ لە تۆقاندن، دڵەڕاوکێ، برسێتی، سەرما و مەرگی ئۆردوگای نازییەکانی بینیبوو. لێکس بڕیاریدا هەموو ژیانی بۆ یارمەتی لێقەوماوان و قوربانیانی شەڕ و کارەسات تەرخان بکات. بیرۆکەی یارمەتیدانی لێقەوماوان و قوربانییانی جەنگ بیر و هۆشی بە تەواوی داگیر کردبوو. لە هەر کوێ شەڕ و شۆڕ ڕویبدایە و کارەسات بقەومایە، لێکس ئۆقرەی لێ دەبڕا و گەرەکی بوو لەوێ بێت. لەم کارانەیدا ئەوەندە سەرەڕۆ بوو زۆر گوێی نەدەدا بە سنوری دەوڵەتان و قانونە نێودەوڵەتییەکان. لێکس لە ٢٠ دیسەمبەری ١٩٣٥ لە بنەماڵەیەکی جولەکە لە ئەمستەردام هاتە دونیاوە. خێزانەکەی بە بنەچە خەڵکی "فریزلاند"بوون لە باکوری هۆڵەندا. لە ساڵی ١٩٤٣ لە تەمەنی هەشتساڵیدا لە گەڵ دایکی (سارا فان ستراتن – کۆهێن) و باپیرە و داپیرەی لە لایەن دایکیەوە ڕەوانەی کەمپی نازییەکان کرا لە "بێرخن- بێلسن". دوو ساڵی تەمەنی منداڵی لە باری سەخت و دژواری ئەو کەمپە بەسەر برد. دوو لە سەر سێی جولەکەکانی هۆڵەندا،کە ڕەوانەی ئەو کەمپە کرابوون، هەر لەوێ



نوستنی دکتۆر جەبار قدر–هایلۆ هۆلەندا

سەریان نایەوە. باپیرە و داپیرەی لێکسیش هەمان چارەنوسیان هەبوو. باپیرەی لە کەمپەکە کۆچی دوایی کرد، نەنکیشی لە کۆتایی جەنگدا بەدەم ڕێگاوە مرد. لێکس و دایکی لە مەرگ ڕزگاریان بوو، کاتێ لە نیسانی ١٩٤٥ هێزی هاوپەیمانان لە کەمپەکە نزیک بوونەوە، ئەڵمانەکان بڕیاریاندا، هەموو ئەوانەی هێزیان تێدا مابوو بە شەمەندەفەر لە گەڵ خۆیان ببەن، ئەوانەشی لە پەلوپۆ کەوتبوون بەجێیان هێشتن. ئەوانەی گوێزرانەوە خزێنرانە ناو دوو شەمەندەفەرەوە، سوپای نازی لەگەڵ کشانەوەی خۆیدا، وەکو بارمتە و سپەر بەکاریهێنان. ئەو شەمەندەفەرەی لێکس و دایکی تێدا بوون، بۆ ماوەی سێزدە ڕۆژ بە ئەڵمانیادا سوڕایەوە، تا لە نزیک لایپزیگ (لایپتزیش) لە ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا، سوپای سۆڤیەت دەستی بەسەردا گرت و بارمتەکانی ڕزگار کرد. هەر لەو گەشتە پڕ لە ئازارەدا نەنکی لێکس سەری نایەوە. دایکیشی تیفۆی گرت، بەڵام لێکسی تەمەن دە ساڵ هەوڵی دونیایدا دایکی بە زیندویی بمێنێتەوە، لە هەوڵەکەیدا سەرکەوت و دایکی چاک بووەوە. لە هاوینی ١٩٤٥ خۆی و دایکی گەیشتنەوە نزیک ماسترێخت لە باشوری هۆڵەندا. هەر لەو کاتانەدا بوو لێکس لە ئەنجامی ژیانی کەمپدا تووشی نەخۆشی سیل هات، بۆیە دەبوایە لەو تەمەنە بچوکەدا، بە تەنیا و دوور لە دایک و باوکی لە نەخۆشخانەیەک لە سویسرا بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک بمێنێتەوە تا چاکبوەوە. دوای چاکبونەوەی گەڕایەوە بۆ هۆڵەندا و لە ئەمستەردام لە قوتابخانەی نامادەیی دەستی کرد بە خوێندن. ئەمە لە ساڵانی ١٩٤٨ بۆ ١٩٥١ بوو. لێکس حەزی نەدەکرد باسی ژیانی کەمپ و نەهامەتەکانی بکات، تەنها جارێک بۆ باوکی ئەو باسەی کرد.

بروانە ل ٤ و ل ٥

## یادەوەرییەکی خۆشی سەردەمی لاوێتی:

# یەکەم پەڕتووک کە دەربارەی ئایینی زەردەشتی خوێندمەوە.....

نوسینی بەختیار شەمەیی
ئەمستردام

سالانی کۆتایی حەفتاکان، لەگەڵ کوڕوکاڵی گەڕەکدا، وردە وردە دەستمان کردبوو بە خوێندنەوە و هەر بابەتێکمان دەست بکەوتایە و پێمان باش بووایە، لەنێو یەکتریدا دەستاودەستمان پێدەکرد و دەمانخوێندنەوە و هەندێک جار دەبوونە بابەتی کۆبوونەوە و گفتوگۆ و مشتومڕی نێوانمان. لەڕاستیدا بەهۆی بارودۆخی رامیاری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی ئەو کاتە و ئەو گەڕەکەی خۆمانەوە، (گەڕەکی گردی سەیوانی گۆیژە)، خولیای خوێندنەوە و کوردایەتی کەتبووە مێشکمانەوە، ئیترلە خوێندنەوەی بابەتی جۆراوجۆری کوردی و کوردەواری و نووسراوی یاساخ و رامیاری و شۆڕشگێری، هەرچیمان بەردەست بکەوتایە، دریخیمان لە خوێندنەوەی نەدەکرد.

لەو سەردەمی هەرزەکاری و لاوێتییەمدا، لە ژینگەی ماڵی خۆمان و لە نێو هەندێک کۆڕ و کۆبوونەوەکانی گەڕەک و ئەملاولادا، زۆرجار ئەوەم بەرگوێ کەوتبوو، کە زەردەشت پەیامبەری کورد بووە و پەڕتووکەکەیشی ناوی ئاڤێستا بووە و لە شێوەزاری هەورامییەوە زۆر نێزیک بووە. هەربۆیە زۆر ئارەزووی ئەوەم دەکرد، کە هەرچۆنێک بووە شتێک لەسەر زەردەشت و ئایینی زەردەشتی بزانم. بەڵام بەداخەوە ئەو کاتانە پەڕتووک و نامیلکە و وتار بە زمانی کوردی لەسەر زەردەشت و ئایینی زەردەشتی، زۆر کەم و دەگمەن بوو.

ئیتر نازانم بەشوێن چیدا دەگەڕام، بەڕێکەوت کەوتم بەسەر کارتۆنێکی گەورەدا، کە پڕبوو لە پەڕتووکی کوردی و عەرەبی. خۆشبەختانە یەکێک لە پەڕتووکەکان ئەم پەڕتووکە بوو بەناوی زەردەشتەوە، ئەمە بۆ ئەوکاتە هەروەکو ئەوە وابوو، کە شانەهەنگوینێکم لە کلۆرەدارێکدا دۆزیبێتەوە.

جا لێتان نەشارمەوە، کەمێ ترسی ماڵەوەشم هەبوو، کە دووچاری لێپرسینەوە و تێهەڵدان ببمەوە، لەبەرئەوەی بەبێ پرس دەستکاریی ئەو کارتۆنەم کردووە و پەڕتووکێکم تێدا هێناوەتە دەرەوە. ئەو پەڕتووکەش بۆ ئەو بارودۆخە، نووسراوێکی ئاسایی و ڕێگەپێدراو نەبوو، هەربۆیە هەرچۆنێک بوو بە دزییەوە، کەوتمە خوێندنەوەی. ئیتر بەو بەخت و ڕێکەوتە، ئەوە بوو بە یەکەم پەڕتووک، کە لەسەر زەردەشت و ئایینی زەردەشتی خوێندمەوە. وابزانم سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ بوو. هەر بەم بۆنەیەوە با شتێکیتریشم بیرنەچێت، جگە لە ئەم پەڕتووکە، پەڕتووکێکی تریش، کە بە زمانی عەرەبی بوو بەناوی (هکذا تکلم زرادشت)، لەناو پەڕتووکەکاندا بوو، بێگومان ئەو پەڕتووکانە لەترسا لەو ژێرزەمینەدا و لەناو ئەو کارتۆنە سەرداخراوەدا هەڵگیرابوون یان باشترە بڵێم: شاردرابوونەوە. چونکە پەڕتووکەکان هی خوالێخۆش بوو عومەر شەمەیی برام بوون و زۆربەیان ناو و واژۆی ئەویان بەسەرەوە بوو. هۆکارەکەش ئەوەبوو کە خوالێخۆشبوو عومەری برام، دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆی سلێمانی، پێش دەستپێکردنەوەی شەڕ، ساڵی ١٩٧٣ چوو بووە دەرەوە و لە گەڵاڵە بوو بوو بە مامۆستای شۆڕش. هەربۆیە ماڵەوە وایان بەچاکتر زانیبوو کە ئەو پەڕتووکانە بشارنەوە و لەبەردەستدا نەبن. هەرچەند بەداخەوە لەبەر ئەوەی عەرەبیم نەدەزانی، نەمتوانی ئەو پەڕتووکەی تر بخوێنمەوە. پاشان زانیم کە ئەوە داستانێکی داستانووس و فەیلەسووفی بەناوبانگی ئەڵمانی فریدریش نیتشەیە.




دواجار دەڵێم: خۆزگەم بە هەموو شتێکی ئەو سەردەمانە.

ناوی پەڕتووک: زەردەشت، ٨٣ لاپەڕەیە.

نوسەر: احمد الشنتاوی.

وەرگێرانی لە عەرببییەوە: شاکر فتاح.

لە نووسراوانی ئاینی (١).

چاپخانە (سلمان الاعضمی)، ١٩٦٧.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی مامۆستای نەمر شاکر فەتاح کە ئەو پەڕتووکە و سەدان نووسراوی دیکەی لە عەرەبی و ئینگلیزییەوە کردووە بە کوردی.

**تاراوگە بڵاوکراوەیەکە** دەنگ و ڕەنگی هەموو کوردانی تاراوگەیە، بەبێ جیاوازی ئینتمایی سیاسی و حیزبی، هەموو زانیاری و ئاگاداریەک و بابەت و هەواڵی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و هونەری بڵاودەکاتەوە، لە ئێستادا بە شێوەی ئەلەکترۆنی بڵاودەبێتەوە.

# سڵاو لە بێوار



هیوا سەرهەنگ– ڕۆتەردام

لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی (کوردستان)ەوە لە قاهیرە، لە لایەن خانەوادەی بەدرخانیەکانەوە، لە ٢٢ ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ ی زاینی. ڕۆژنامەگەری کوردی لە تاراوگەوە سەری هەڵداوە، پاش ئەوانیش تاک و تەرا بڵاوکراوەی کوردی لە دەرەوەی کوردستان بڵاوبۆتەوە، پاش دامەزاردنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە ئەورووپاش، هەر لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی پێشووەوە، بڵاوکراوەی کوردی بە هەموو جۆرەکانی ڕۆژنامە و گۆڤار، بەردەوام لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپادا بڵاوبونەتەوە.

بە گوێرەی توانای خۆمان، هەوڵ دەدەین، هەرجارەی ئاوڕ لە یەکێک لەو بڵاوکراوانە بدەینەوە، کە لە تاراوگە دەرچوون. وڵاتی شانشینی هۆڵەندا، یەکێکە لەو وڵاتانەی ژمارەیەک بڵاوکراوەی کوردیی لێ دەرچووە، پێویستی بە دواداچوون توێژینەوەیەکی ورد هەیە، بە سوپاسەوە ئەم جارە نوسینێکی برای ئازیزمان کاک هیوا سەرهەنگ لەسەر بەتەمەنترین بڵاوکراوەی کوردی لە هۆڵەندا (بێوار) بڵاودەکەینەوە..

تاراوگە

بێوار بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیری و گشتی بوو... یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی پێنج شەممە، ڕێکەوتی 15–08–1996 لە شاری ڕۆتردام هۆڵەندا بڵاوکرایەوە... دوا ژمارەشی (126–127) ساڵی دوانزەهەم، بە یەکەوە لە مانگی ئاب و ئەیلولی ساڵی 2007 دەرچوو. بێوار...وەک پێداویستییەکی بابەتی و خۆیی لە تاراوگە، لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی پەنابەرانی کورد لە دایک بوو، تا لە خزمەتی وشەی کوردی و پاراستنی کەلتور و ڕاژەندنی ئازاری دنیای نامۆیی کورداندا بێت.

بێوار...لە سەردەمێکدا لە دنیای ڕۆژنامەگەریی کوردیدا چاوی هەڵهێنا، کە گەشاییەک وەبەر ئارامی و ئاسوودەییەوە لە کوردستاندا نەما بوو... بەرژەوەندی و کاولکاری و سوتان و دروێنەی مەرگی کوردان، تروسکەیەکی ئاشتی نەهێشتبۆوە. هەر لەو دەمەوە، (بێوار) پەرۆشانە وشەی کوردی وەک چەکێکی کاریگەر لە پێناو گێڕانەوەی ئاشتی و ئارامیدا، بەکار دەهێناو زۆربەی مانشێت و سەر وتارەکان لە جوغزی گەشبینیدا بووە بۆ ئایندەیەکی ڕوناک و ئارام گرتوو.




بێوار .. ئاوێنەیەک بوو، ژیان و بۆچوونی هونەرمەندان و ئەدیب و نوسەرانی کوردی تیا ڕەنگی دابۆوە لە تاراوگە... دەنگی چالاکییە هونەری و کەلتورییەکانی بە یەک دەگەیاندن... چەندین خاوەن خامەی بە تواناو بەپێز ژمارە لە دوای ژمارەی بێواریان دەوڵەمەندتر دەکرد.

بێوار .. لە بۆچوونێکی ئازاد و بێ لایەنبازییەوە، پەرۆشبووی کوردانە و بایەخی تەواوی بەو بەرهەم و بابەتانە داوە، لە خزمەتی یەکگرتن و پاراستنی ڕەسەنایەتی کوردی و چۆنیەتی تێکەڵبوونی عەقڵانییەت بە کۆمەڵگە نامۆکان... گرنگی پەروەردەکردن و گۆشکردنی منداڵانی کورد لە هەندەران، (بێوار)ی ڕاپێچی تەرخانکردنی بایەخدان بە کردنەوەی لاپەڕەی تایبەت بە منداڵان کردەوە، وێڕای لاپەڕەی تایبەت بە ژن و چالاکییەکانیان، جگە لەوەش ژمارە لە دوای ژمارە چەندین گۆشەی تایبەت و نوێی تێدا کراوەتەوە.

بێوار .. بە درێژایی تەمەنی، هەروەک نوسەران و خوێنەران و دۆستانی لە ساڵیادی دەرچوونیدا ئاماژەیان پێداوە، میوانێکی ئازیزی چاوەڕوانکراوی مانگانەی کوردانی نیشتەجێی وڵاتانی دەرەوەی کوردستان و کەمپەکانی پێشوازی پەنابەران بوو.

بێوار .. لە ڕێگەی پۆستەوە دەگەیەنرایە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا، ئەمریکا، ئوسترالیا، نیوزیلەندا، ڕوسیا، ئێران، پاکستان و سوریا، هەندێ جاریش ناوەوەی کوردستان.

(بێوار) توانی ئەم کتێب و نامیلکانەش چاپ بکات:

1– چرپە، محەمەد جەزا بەرزنجی، شیعر – 1999

2– سێ وتار، محەمەد جەزا بەرزنجی – 1999

3– خەرمانی خەم، خاڵە بەکر – 1999

4– گەشتی ڕۆژنامەوانێکی کورد بە ئەمەریکای لاتیندا، سالار حەمەسوور باسیرە 2000

5– خەڵوەتگای دیدەنی، خاڵە بەکر، شیعر – 2001

6– ڕایەڵە، محەمەد جەزا بەرزنجی، چیرۆکی کۆمەڵێ زیندانی سیاسی – 2002

7– گەردەلوول لە سەمادا، محەمەد جەزا بەرزنجی، شیعر – 2012

8– (بێوار ) یێک لە ئاوارەییدا، ئیسماعیل تەنیا – 2012

9– گوڵ و ئاوارەیی، بافڵ هیوا سەرهەنگ، شیعر چاپی دووەم– 2013

10– پێنووسی من، هیوا سەرهەنگ – 2013

# تراژیدیای خێرخوازێکی هۆڵەندی لە باشوری کوردستان لە ساڵی ١٩٧٥

پاشماوەی نوسینەکەی دکتۆر جەبار قادر

لە دوایيدا باوکی خانمێکی تری خواست و دایکیشی شووی بە پیاوێکی دیکە کرد، لێکسیش هەواری گواستەوە بۆ لەندەن. لەوێ لە نەخۆشخانەی جوەکان ڕاهێنانی پەرستیاری بینی. لێکس خاوەن کەسایەتییەکی زۆر تایبەت بوو، لە ناخەوە بێ ئارام بوو، لە هیچ شوێنێک بۆ دەمێکی درێژ نەدەسرەوت و ئۆقرەی نەدەگرت. کەسێکی سەرڕۆ و کەلەڕەق بوو، نەیدەتوانی لە گەڵ کەسانی تردا کار بکات. هەمیشە پەیوەندی لەگەڵ بەرپرساندا باش نەبوو، نەیدەتوانی پابەندی ڕێنماییەکان بێت و سەرئێشەی بۆیان دروست دەکرد. بۆیە زوو زوو لە کار دەردەکرا. لە هەر شوێنێک کاری کردبێت بۆ ماوەیەکی کورت بووە. ئەگەر بەرپرسەکانیشی لێی وەڕس نەبوونایە، خۆی لە کارەکە و شێوازی بەڕێوەبردن وەڕس دەبوو و وازی دەهێنا . لە ئیسرائیلیش بۆ ماوەیەک لە کیبوتزێکدا کاریکرد، لەوێش بەرپرسان لە هەڵس و کەوتی بێزار بوون و دەریانکرد. لە کیبوتزی دووەم تەنها یەک مانگ خۆی پێگیرا. بە هۆی هەڵس و کەوت و شێوازی ژیانێوە، باوکی لە ئیسرائیل و دایکی لە هۆڵەندا زۆر لێی تورەبوون، ئەویش بریاریدا پەیوەندییان لەگەڵدا ببچڕێت. ساڵێکی دیش لە ئیسرائیل مایەوە، نازانرێ لەو ساڵەدا بەچییەوە خەریک بووە. ئەمە بووە مایەی هەندێ پرسیار و گومان، بە تایبەتی دوای ئەوەی لە لایەن کاربەدەستانی بەعسی عێراقەوە بە سیخوڕی بۆ ئیسرائیل تۆمەتبار کرا. ئایا لەو ساڵەدا لە سوپای ئیسرائیل خزمەتی سەربازی کرد؟ یا بۆ کاری سیخوری ڕاهێنرا؟. وەڵامی ئەم پرسیارانە گرنگ بوون بۆ چارەنووسی لە کاتی گرتن و لێکۆڵینەوە و دادگاییکردنیدا لە عێراق. ئەوەی زانراوە لەو ساڵەدا بۆ ماوەیەک لە نەخۆشخانەیەکی ئیسرائیل کاری کرد، ئەو کارەش ئارامی دەروونی پێ نەبەخشی. لە ئیسرائیل هەستی بە نامۆیی دەکرد و پێی وابوو، کە شتی هاوبەشی لە گەڵ هۆڵەندییەکان زۆرترە، وەک لەوەی لەگەڵ جوەکان لە ئیسرائیل. لە نامەیەکدا بۆ دایکی بە ڕوونی باسی ئەو هەستەی کردووە. ئەو لە ساڵی ١٩٥٥ چووبووە ئیسرائیل و لە ساڵی دواتر ڕەگەزنامەی ئیسرائیلی وەرگرتبوو. لە پاسپۆرتە ئیسرائیلییەکەی ناوی ئەلیکسەندەر بن ئەهارۆن (Alexander Ben Aharon) بوو. لە ئیسرائیلەوە چوو بۆ هیندستان، لە کەلکوتا تووشی دیزانترییەکی گران بوو، بەڵام دوای ماوەیەک چاکبووەوە. لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا لەگەڵ خاچی سور لە چەند وڵاتێکی ئەفریقی وەک گابۆن، بیافرا و نایجیریا کاری کرد، دایکی حەزی دەکرد لێکس خێزانێک پێکەوە بنێ و ژیانێکی ئاسایی بەسەر ببات و واز لە ژیانی سەرگەردانی و بێلانەیی بێنێت. لە بەرامبەردا لێکس باوەڕی بەوە هەبوو کە ئەو لە ژیاندا بێ پلان و ئامانج نیە، بەڵام نەک بەو شێوەیەی دایک و باوک و کەسانێکی زۆر لە کۆمەڵگەدا بیری لێدەکەنەوە، بەڵکو ژیانێکی دەوێ پڕبێت لە ڕوداوی نائاسایی و چاوەڕواننەکراو، کە بە وتەی خۆی، ژیانێ ڕۆحی مرۆڤ دەوڵەمەند بکات . لە فەرەنسا ئاشنایەتی لەگەڵ ئەلیزابێت فان دیێخین پەیدا کردو لە ساڵی ١٩٦٤ خێزانیان پێکەوەنا. لە هەمان ساڵدا کوڕێکیان بوو ناویان نا ئەلوین. ئەو کوڕە خەسڵەتی نائارامی و سرەوتنەگرتنی لە باوکی بۆ ماوەتەوە و ئێستا لەگەڵ دایکیا لە تایلەند ژیان بەسەر دەبات. هاوژینەکەی کریستیان بوو، لێکسیش جارێک ویستی ببێت بە پرۆتستانت، بەڵام دایکی بەتوندی ڕەخنەی لێگرت و ئەوەی بە خیانەت دەزانی لە جولەکایەتی . لە بیافرا یارمەتی قوربانیانی شەڕی بیافرای لە دژی نایجیریا دەدا. لە گابۆنیش لەگەڵ هەڵگری خەڵاتی نۆبلی ئاشتی دکتۆر ئەلبەرت شڤەیتزەر هاریکاری هەژاران و لێقەوماوانی دەکرد. لەوێش هەڵینەکرد و شێوازی شڤەیتزەری بەدڵ نەبوو، گەڕایەوە بۆ ئیسرائیل و لەوێشەوە چووە فەرەنسا. هەر لەوێش بوو ئەو ژنەی بینی، کە پاشان بووە هاوسەری. لەبەرئەوەی ئەلیزابێت، کە زیاتر بە بێتس دەناسرا، کرستیان بوو، لێکس وەکو دەچووە سینەگۆگی جوەکان، بە هەمان شێوەش سەردانی کەنیسەی کرستیانەکانی دەکرد. هەر لە فەرەنساشەوە یەکەمین منداڵی بێلانەی گرتە خۆی و بەبێ هیچ بەڵگەو کاغەزێکی فەرمی بردی بۆ هۆڵەندا. بڕۆیشتایەتە هەر شوێنێک منداڵێکی بێ لانەی بە ڕێگەی ناقانونی لە گەڵ خۆیدا دەبرد بۆ هۆڵەندا، ئەو گوێی بە قانون و ڕێنمایی نەدەدا و تەنها بیری لە قانونی ئینسانی دەکردەوە . دوای گەڕانەوەی بۆ هۆڵەندا لە دەزگای منداڵپارێزی کاری کرد، بەڵام لەوێش پابەندی ڕێنماییەکانی ئەو دەزگا گرنگەی هۆڵەندا نەبوو، بۆیە لەوێش لە کار دەرکرا. ئەویش لە ماڵەکەی خۆی پەناگەیەکی منداڵپارێزی کردەوە و هەشت منداڵی تێدا کۆکردەوە. لە هەموو ئەم کارانەیدا ئەرکی سەرەکی دەکەوتە سەر هاوژینەکەی، چونکە بۆ خۆی لە شوێنێک ئارامی نەدەگرت. هەمیشە بەدوای ئەو شوێنانەدا دەگەڕا، کە شەڕ و کارەساتیان تێدا دەقەوما. لە ساڵی ١٩٧٥ لە کاتی گەڕانەوەیدا لە هیندستانەوە بۆ ئێران و کوردستان، کچێکی هەرزەکاری بێلانەی هیندی بە دوو خانم و پیاوێکی گەشتیاری دانیمارکیدا ناردەوە بۆ باڵیۆزخانەی هۆڵەندا لە تاران و خۆیشی هاتەوە بۆ کوردستان. پاسپۆرتە هۆڵەندییەکەشی داوە ئەو گەشتیارە دانیمارکییانە بۆ ئەوەی باڵیۆزخانە کچەکە بنێرێتەوە بۆ لای ئەلیزابێتی هاوسەری لە هۆڵەندا. ئەگەر لە کاتی گرتنیدا لە کەرکوک، پاسپۆرتە هۆڵەندییەکەی پێبوایە، ڕەنگبێ چارەنووسی بە شێوەیەکی تر بوایە. پیاوانی مافیا دەستێکی ئەو کیژۆڵە هیندییەیان سوتاندبوو بۆ ئەوەی لە ڕێگەی سواڵکردنەوە پارەی زۆرتریان بۆ پەیدا بکات. باڵیۆزخانەی هۆڵەندا لە تاران کچەکەیان ڕەوانەی لای خێزانەکەی لە ئەمستەردام کرد. چیرۆکی هاتنی بۆ کوردستانیش سەرنجڕاکێشە. لە بەهاری ١٩٧٤ کاتێ تەماشای تەلەفزیۆنی هۆڵەندی دەکرد، چاوپێکەوتنێکی لە گەڵ موحسین دزەییدا بینی، کە باسی لە باری سەختی قوربانیانی شەڕ دەکرد، لە باشوری کوردستان. لەو چاوپێکەتنەدا دزەیی باسی لە سەدان هەزار کەس دەکرد، کە پەنایان بردوەتە بەر چیاکان و پێویستیان بە هاریکاری بەپەلەی تەندورستی و خێرخوازی هەیە. ئەو بارە لە دوای هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە ئازاری ١٩٧٤ لە باشوری کوردستان هاتبووە کایەوە. لێکس هەر لە دوای پرۆگرامەکە پەیوەندی بە موحسین دزەییەوە دەکات و بریار دەدات بێتە کوردستان بۆ یارمەتیدانی قوربانیانی شەڕ، مێرسیدسێکی کۆنی هەبوو، هەندێ گۆڕانکاری تێدا کرد، بۆ ئەوەی وەکو ئەمبولانس بەکاری بێنێ و هەندێ دەرمانی کۆکردەوە و بەرەو کوردستان بەڕێکەوت. ویستی لە ڕێگەی ڕێکخراوی منداڵپارێزی جیهانییەوە "Terre des Hommes" بێتە کوردستان. بەڵام لەبەر ئەوەی دەیویست کچێکی پازدە ساڵان وەکو پەرستیار لەگەڵ خۆیدا بێنێ، ئەو ڕێکخراوە ئامادە نەبوو بەرپرسیارێتی

هەرزەکارێک لە دەڤەرێکی شەڕ و شۆڕ بگرێتە ئەستۆ، بۆیە داخوازییەکەی ڕەتکرایەوە. لێکس بڕیاری خۆی دابوو بە مێرسیدسە کۆنەکەی کەوتە ڕێ بەرەو تورکیا و لەوێشەوە بۆ ئێران. لە تاران چووە بارەگای نوێنەرانی کورد و خۆی بە دکتۆر پێیان ناساند، ئەوانیش باسی باری خراپی خەڵکیان لە چیاکان بۆی کرد. لێکس لە ئابی ١٩٧٤ گەیشتە باشوری کوردستان. گەلێ کەس لە کوردستان بە مێرسیدسە سەوزەکەی دەیانناسییەوە. لە کوردستان بە دکتۆر لێکس و دکتۆر شەکراو دەناسرا، چونکە هەر بە شەکراو هەوڵی دەدا نەخۆشەکان چارەسەر بکات. ئەو دکتۆر نەبوو و تەنها بۆ کاری پەرستیاری لە نەخۆشخانەی جوەکان لە لەندەن ڕاهێنرابوو. هەندێ ئەزمونی لەو بوارەدا پەیدا کردبوو، چونکە بۆ ماوەیەکی کورت لە یەک دوو نەخۆشخانە کاری کردبوو. کاتێ لە کوردستان زستان دەستیپێکرد و ڕێگە و بان گیرا و دەرفەتی هاتوچۆی نەما، بەرەو هیندستان و پاکستان بەڕێکەوت. گەڕانەوەی لێکس بۆ کوردستان هاودەم بوو، لە گەڵ ڕێکەوتننامەی جەزائیر (6 مارتی 1975) لە نێوان شا و سەدام حوسێن. ڕابەرانی کورد داوایان لە پزیشک و خێرخوازە بیانییەکان کرد کوردستان بەجێبهێڵن. دکتۆر داڤید نەبارۆ کە یەکێ بوو لەو دکتۆرانەی ئەو دەمە لە کوردستان بوو، دەگێڕێتەوە کە چیاکانی کوردستان ببوون بە ناوچەی پڕ لە مەترسی و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ترسناکتر دەوبو، هەموو پزیشکە بیانییەکان ناوچەکەیان بەجێهێشت، بەڵام لێکس ئامادە نەبوو کوردستان بەجێبهێڵێت. داڤید دەڵێ زۆر هەولێ لەگەڵ داوە و پێشنیاری ئەوەی کردووە بیگەیەنێتە ئێران، بەڵام لێکس پێی ڕاگەیاندووە، کە دەیەوێت بچێ بۆ بادینان بۆ ئەوەی لەوێ یارمەتی لێقەوماوان بدات. لە ڕێگەی گەشتەکەیدا بۆ بادینان لە ٢٥ مارتی ١٩٧٥ لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی عیراقەوە لە کەرکوک گیرا. دکتۆر داڤید نەبارۆ دوا کەسی بیانی بووە کە لێکسی بینیووە. هەرلەو ڕۆژانەدا و بەر لە دەستگیرکردنی لێکس توانیبووی نامەیەک بۆ کەس و کارەکەی بنوسێ و پێیان ڕابگەیەنێ، کە ئەو بەرەو بادینان لە نزیک سنورەکانی تورکیا بەڕێ دەکەوێت. لە نامەیەکدا کە لە ١٢ دیسەمبەری ١٩٧٥ لە سەر پارچە کاغەزێکی پاکەتی جگەرە، ناردبووی بۆ باڵیۆزخانەی هۆڵەندا لە بەغدا. نوسیبووی " لە ٢٥ مارت، لە کەرکوک کوردێک خیانەتی لێکردم و بەدەستەوەی دام". ڕەنگبێ ئەمە ڕاستبێ و کوردێکی خۆفرۆش بۆ خۆڕزگارکردن، یا خۆبردنە پێشەوە لە بەعسی دڕندە ئەمەی کردبێ، بەڵام لە لایەکی ترەوە مایەی سەرسوڕمانێکی زۆر دەبوو ئەگەر کابرایەکی بیانی وەکو لێکس ئارنسن لەو کاتەدا لە ڕێگەی کەرکوکەوە بگەیشتبایەتە بادینان، بێ ئەوەی دەزگا ئەمنییەکانی عێراق پێی بزانن و دەستگیری بکەن. دوای ئەوەی لێکس لە 25 مارتی 1975 لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی عێراقەوە لە کەرکوک دەسگیر کرا، گوێزرایەوە بۆ بەغدا و درا بە "دادگای شۆڕش"ی بەعس و تۆمەتەکەی "سیخوڕی بۆ ئیسرائیل و هەڵگرتنی دەمانچە و بەڵگە و دەکیومێنتی نهێنی سەربازی و سیاسی" بوو. هەر وەکو چاوەڕوان دەکرا لەو بەناو دادگایەدا بڕیاری لە سێدارەدانی لێکس ئارنسن دەرکرا و لە 15 دیسەمبەری 1975 دا جێبەجێ کرا . کەس و کاری لێکس لە هاوینی ١٩٧٥ ڕایانگەیاندبوو کە لێکس بێ سەروشوێنە و کەس نازانێت لە کوێیە. لە دوای دیارنەمانی خێزانەکەی پەیوندییان بەهەموو کەسێکەوە کردبوو کە لەو دوو ساڵەی دواییدا سەردانی کوردستانی کردبوو. خێزانی لێکس وەکو هەموو هۆڵەندییەکان لە ٣ نۆڤەمبەری هەمان ساڵدا شتێکیان لەبارەی چارەنووسێوە زانی، گوایە لە بەغدا بە تۆمەتی سیخوڕی بۆ ئیسرائیل لە سێدارە دراوە. حکومەتی عێراق ئەو هەواڵەی بەدرۆخستەوە و ڕایگەیاند کە ئەو لە سێدارە نەدراوە، بەڵام لە زیندانە لە بەغدا. بەڕێکەری کاروباری هۆڵەندا لە عێراق خێرت مەیهاوزن بۆ ماوەی شەش مانگ لە ڕێگەی دیبلۆماسی بێدەنگەوە لە هەوڵی ڕزگارکردنی لێکسی دابوو، هەوڵی زۆریدا سەردانی بکات، بەڵام حکومەتی عێراق ئامادە نەبوو ڕێگە بەو یا بە هەر کەسێکی تری هۆڵەندی بدات سەردانی بکات، چونکە ڕایگەیاند، کە ئەوان لێکسیان بە هاوڵاتی هۆڵەندی دانەناوە، بەڵکو بە هاوڵاتی و سیخوڕی ئیسرائیلی دادەنێن. بە پێی ئاژانسی دەنگوباسی عێراقی لە کاتی دەستگیرکردنیدا لێکس پاسپۆرتی ئیسرائیلی، دەمانچە و بەڵگە و دەکیومێنتی سەربازی و سیاسی نهێنی پێ گیراوە. تا ئێستاش نازانرێت ئەو تۆمەتانەی درانە پاڵ لێکس چەندیان ڕاستن و چەندیان هەڵبەستراو بوون. زۆر لەوانەی ناسیویانە دەڵێن کە لێکس حەزی لە سیاسەت نەدەکرد و ئەو تەنها بیری لە یارمەتیدانی لێقەوماوان دەکردەوە و بیرۆکەی سیخوڕی بە توندی ڕەتدەکەنەوە. کەس باوەڕ ناکات سیخوڕی ئیسرائیل ئەوەندە نەفام و بێئاگا بێت، بە ناقانونی هاتبێتە ناو عێراقەوەو بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەنامەیەکی فەرمی عێراقی پێبێت، بیەوێت بە ڕۆژی نیوەڕۆ بە کەرکوکدا بچێت بۆ بادینان و لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی بەعسەوە نەگیرێت. کەسیش لەو باوەڕەدا نەبوو، کە کەسێکی سەرەڕۆی وەک لێکس بتوانێ پیاوی دەزگای هەواڵگری بێت، ئەوەی خەریکی کاری سیخوڕی بێت بە شێوازی لێکس کار ناکات و هیچ دەزگایەکی سیخوڕیش، بە تایبەتی مۆساد کەسێکی وەکو لێکس ناگرێتەخۆ. ئەو بەڵگەنامە و پێناسەی کەسێتی پێنەبوو، هەرچی هەبوو دەیخستە سەر گوێدرێژێک و بە گوند و چیاکانی کوردستاندا وەک دێوەرە دەسوڕایەوە و شەکراوی دەدا بە منداڵان و نەخۆشەکان. لێکس لەو ماوەیەدا کە لە زیندانەکانی بەعس بوو، گەلێ جار دەبووە مانشێتی ڕۆژنامەکانی هۆڵەندا. زۆر کەس هەوڵیاندا شتێک لە بارەیەوە بزانن. ڕۆژنامەنوسێکی هۆڵەندی لە مانگی کانونی دووەمی ١٩٧٦ میوانی خاڵۆی سەدام، خەیروڵڵا تڵفاح بووە، کاتێ باسی لێکسی لە گەڵدا دەکاتەوە، تڵفاح پێی دەڵێت واز لەو مەسەلەیە بێنە و هەواڵی " ئـــەو سیخوڕە جوە" لە دەزگاکان مەپرسە، چونکە ئەوان بەوە زۆر قەڵس دەبن، ئەو دانی بەتاوانەکەیدا ناوە و لە سێدارە دراوە و کار لە کار ترازاوە، بۆیە واز لەوە باسە بێنی باشترە، ئەویش لە ڕۆژنامەیەکی هۆڵەندیدا هەواڵی لە سێدارەدانی لێکس ڕادەگەیەنێ، بەڵام کەم کەس باوەڕ بەو هەواڵە دەکەن و هەر لە هەوڵی ئەوەدا دەبن شتێک لە بارەی لێکسەوە لە حکومەتی عیێراق ببیستن. لە ١٥ ئازاری ١٩٧٦ باڵیۆزی عێراق لە لاهای ڕایگەیاند، کە لێکس لە ١٥ دیسەمبەری ١٩٧٥ لە زیندانی ئەبوغرێب لە سێدارەدراوە. دوای ڕاگەیاندنی هەواڵی لە سێدارەدانی بە ماوەیەکی کورت دایکی بڕیاریدا بچێتە بەغدا بۆ ئەوەی تەرمی کوڕەکەی وەربگرێتەوە. دوای ئەوەی دوو هەفتەی پڕ لە ئازاری لە بەغدا بەسەر برد، ناچار بوو بەبێ تەرمەکەی لێکس بگەڕێتەوە بۆ هۆڵەندا. لە ناکاو حکومەتی عێراق بە فرۆکەیەکی هێڵی ئاسمانی هۆڵەندی تەرمەکەی لێکسی ناردەوە بۆ ئەمستەردام. لە ٢١ ئایاری ١٩٧٦ لە گۆڕستانی جولەکەکان لە ماودەربێرخ لە هۆڵەندا بەخاک سپێردرا. لێکس ئارنسن یەکەمین و ڕەنگبێ تەنها قوربانی هۆڵەندی ڕژێمی سەدام حوسێن بێت. ئەو کەسێکی ئیدیالیست، سەرەڕۆ و کەلەڕەق بوو. لە کوردستان دەرمانی پێ نەما بوو، باوەڕی وابوو بە شەکراو منداڵان و نەخۆشانی کورد لە مەرگ ڕزگار دەکات. وەک دەڵێن لە دژی شەپۆڵ مەلەی دەکرد. لە چەند نامەیەدا، کە لە کوردستانەوە بۆ کەس و کاری ناردوونی گەلێ ڕوداوی سەرنجڕاکێش دەگێڕێتەوە. هەندێ لەو کوردانەی لە ١٩٧٤ و ١٩٧٥ لێکسیان بینیووە، بە کەسێکی شێتۆکە لە قەڵەمیانداوە. ڕەنگبێ ئەم بۆچوونەیان لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە دیدو بۆچونەکانی لێکس و کەسانی وەک ئەو نامۆن بە بژاردەی سیاسی کورد. بە بۆچوونی هەندێکیان لێکس ببووە هۆی کێشە و تەنانەت کاربەدەستان ڕادەستی دەسەڵاتدارانی ئێرانیان کردبوو و داوایان کردبوو ڕێگەی نەدەن بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، بەڵام لە ڕۆژانی پشێوی ڕێککەوتننامەی ٦ ئازاری ١٩٧٥ جەزائیردا، لێکس خۆی کردەوە بە کوردستاندا، لەو نامانەی، کە لە سەر کاغەزی پاکەتی جگەرە دەینووسین و لە بە بەرتیل لە ڕێگەی پاسەوانەکانی زیندانەوە، نابێت قەت بە دوری بزانین کە بە ئاگاداری دەزگا ئەمنییەکانی عێراق گەیاندراوەتە باڵیۆزخانەی هۆڵەندا لە بەغدا، لێکس بەتوندی ئەوە ڕەتدەکاتەوە، کە ئەو کاری سیخوڕی بۆ ئیسرائیل یا هیچ دەوڵەتێکی تر کردبێت. دوا نامەی لێکس ئارنسن لە 12 دیسەمبەری 1975 کە بۆ خێزانەکەی ناردوویەتی و دوای ئەوە هەواڵی نامێنێ. پێموایە لێکس ئارنسن شایستەی ئەوەیە لە بیری خەڵکی کوردستاندا بمێنێتەوە، دەبێت یادی لە بیر نەکرێت. ڕەنگبێ دروستکردنی پەیکەرێک و دانانی لە گۆڕەپانێکی یەکێ لە شارەکانی کوردستان یا ناونانی شەقامێک، قوتابخانەیەک یا هەر شتێکی تر بە ناوی ئەوەوە کارێک بێت، کە یادەوەری ئەم خێرخوازە مرۆڤدۆستە بە زیندوویی دەهێڵێتەوە. بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی لێکس ئارنسنەوە بڕوانە ئەم سەرچاوانە:


1. Robert Mulder en Lejo Siepe, De Dood in Baghdad, Het leven van de Nederlander lex Aronson, Amsterdam 1993.
2. Betsy Udink, In Koerdische Kringen, Amsterdam. Antwerpen, 2010. 3. From Bergen – Belsen to Baghdad, The Letters of Alex Aronson, Edited bay Alan Mendelson and Joan Michelson, Mosaic Press, Ontario 1992.

# عەبدوڵای کوردستانی چی بە مۆریتس هارتمانی نەمسایی گوت؟

## لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا

بەکر شوانی

نووسەر و شاعیر و ڕۆژنامەنووس و سیاسەتمەداری نەمسایی، مۆریتس هارتمان (١٨٢١–١٨٧٢)، یەکێک لە ناوە درەوشاوەکانی ئەدەبیاتی نەمسا و وڵاتانی ئەڵمانیزمانە لە سەدەی نۆزدەیەمدا. لە شاری بوێمن (لەم سەردەمەدا دەکەوێتە وڵاتی چیکەوە) لە خێزانێکی ڕۆشنبیردا چاوی بۆ ژیان هەڵهێناوە. ساڵی ١٨٣٨ لە پراگ دەستی بە خوێندنی فەلسەفە و ئەدەب کردووە. هەر لەو سەروبەندەدا دەستی داوەتە نووسین و نۆبەرەی بەرهەمەکانی خۆی لە گۆڤاری "ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا"دا بڵاو کردووەتەوە. ساڵی ١٨٤٠ چووەتە ڤیەنا و لەوێ هەموو کاتی خۆی بۆ کاری ئەدەبی تەرخان کردووە و هەمان کات وەک مامۆستا وانەی بە منداڵانی قەیسەر و لێپرسراوانی تری نەمسا گوتووەتەوە.



موریتس هارتمان

ساڵی ١٨٤٤ چووەتە ئەڵمانیا و ماوەیەک لە لایپزیگ و بەرلین و پاشان لە فەرەنسا ژیاوە. لە پاریس شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووسی ئەڵمان هاینریش هاینە (١٧٩٧–١٨٥٦)ی ناسیوە و بوون بە دوو دۆستی زۆر نزیکی یەکدی. ساڵی ١٨٤٧ گەڕاوەتەوە بۆ بوێمن و ساڵی دواتر هەڵبژێردراوە بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی فرانکفورت ئام ئۆدە (لەم سەردەمەدا دەکەوێتە ئەڵمانیاوە). هارتمان لە ماوەی ژیانیدا ١١ کتێبی بە چاپ گەیاندووە کە لە ڕۆمان و چیرۆک و شانۆنامە و شیعر و گەشتنامە پێکدێن. ئەگەر سەرجەم بەرهەم و کتێبەکانی هارتمان بەشێکی بنەڕەتی بن لە ئەدەبیاتی ئەڵمانیزمانی سەدەی نۆزدەیەم، ئەوا دوو دانە لە کتێبەکانی؛ "گەشتنامە" و دیوانی "ئەبەدی"، بۆ ئێمەی کورد هەڵگری واتایەکی زۆر گەورەن. ئاخر نووسەر لە ڕێی ئەو دوو کتێبەوە نموونەیەکی جوانی کورد پێشانی ڕۆژئاواییەکان دەدات. لە کتێبی یەکەمدا بەسەرهاتی عەبدوڵای کورد دەگێڕێتەوە و لە دووەمیشیاندا شعیرێک هەیە کە بۆ هەمان کەسی نووسیوە.

### ناسینی عەبدوڵا لە ڕۆمانیا و چیرۆکی ئەڤینی ئەو و ناتالیا

مۆریتس هارتمان لە کتێبی "گەشتنامە"دا کە ساڵی ١٨٥٦ چاپ کراوە، ١٥ لاپەڕەی تەرخان کردووە بۆ گێڕانەوەی چۆنیەتیی ناسینی گەنجێکی کورد بەناوی عەبدوڵا و چیرۆکی حەزکردنی ئەو کوردە لە کچێکی پۆڵۆنی بەناوی ناتالیا. بە خوێندنەوەی ئەو بەشەی کتێبی ئاماژە بۆ کراو تێدەگەین هارتمان و چەند هاوڕێیەکی، لە ساڵی ١٨٥٤دا بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی ڕێیان دەکەوێتە وڵاتی ڕۆمانیا. لەوێ، لە ماڵی پزیشکێکی ئەڵمانیدا، کوردێک بەناوی عەبدوڵا دەناسن. ئەم کوردە یەکێک بووە لەو کەسانەی کە دەوڵەتی عوسمانی وەک "سەربازی باشیبۆزوق" لە کوردستان و هەرێمەکانی تری ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە بردبوونی بۆ بەشداری پێکردن لە شەڕەکانی بالکاندا. "باشیبۆزوق" سەربازی نانیزامی بوون و لەبەرامبەر بڕێک پارەدا لە شەڕەکاندا هاوکاری سوپاکانی عوسمانییان دەکرد. عەبدوڵا سەرنجی هارتمان و هاوڕێکانی بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت و هارتمان لە یاداشتەکانیدا وەک مرۆڤێکی ژیر و قۆز و ڕۆمانتیک وەسفی دەکات. عەبدوڵا بۆچوونی خۆی دەربارەی مرۆڤدۆستی و شەڕ و ئاشتی و سرووشت و ئاینەکان بۆ هارتمان و هاوڕێکانی باس دەکات و بە قسە و بۆچوونەکانی خۆی هەموویان تووشی سەرسوڕمان دەکات.

بۆ نموونە، لە باسی ئاینەکاندا دەڵێت: "هەموو ئاینەکان وەک یەکن، جیاوازییان



وەک جیاوازی گیا وایە، کە بەپێی زەویی ژێریان و ئاسمانی سەریان، تەنیا ڕەنگیان دەگۆڕێت." هارتمان دەنووسێت سوپای عوسمانی هەموو جۆرە هاوکارییەکی لە باشبۆزوقەکان بڕیبوو و ئەوانیش لە ناچاریدا دەستیان دابووە تاڵان و برین. فەرماندەی ئەو دەمەی سوپای عوسمانی لە بالکان، عومەر پاشا، هەواڵ بۆ باشبۆزوقەکان دەنێرێت و داوایان لێ دەکات چەک و ئەسپەکانیان ڕادەستی سوپا بکەنەوە. ئەوانیش ڕازی نابن و لە ئاکامدا لە ناوچەیەکی نزیک لە ڕووباری دۆناو شەڕێکی دژوار لە نێوان چەکدارانی باشبۆزۆک و سوپای عوسمانیدا ڕوودەدات و ژمارەیەکی زۆر لە هەردوولا دەکوژرێن. لەو کاتەدا هارتمان و هاوڕێکانی لە بوخارست دەبن و هەواڵیان پێ دەگات کە عەبدوڵایش لەو شەڕەدا کوژراوە. بەڵام دواتر هارتمان دەگاتە ئیستانبوڵ و لە ڕێی دۆستە پۆڵۆنییەکانییەوە بۆی دەردەکەوێت هەواڵی کوژرانی عەبدوڵا ڕاست نییە. عەبدوڵا پاش ئەوەی لەو شەڕەدا لەلایەن سەربازانی تورکەوە بریندار دەکرێت، برینەکانی خۆی دەپێچێت، سواری ئەسپ دەبێت، دوای چەندین ڕۆژ خۆی دەگەیەنێتە شاری شوملا لە باشووری بولگارستان و لەوێ خۆی بە کەسێکی پۆڵۆنی تەمەن ٧٠ ساڵ دەسپێرێت کە دەیان ساڵە وەک پەنابەر لەو شارە دەژی. ناتالیای کچی کابرای پۆڵۆنی، لە ماڵی بە گوڵ و ئاو دەوردراوی خۆیاندا برینەکانی عەبدوڵا تیمار دەکات. ماوەیەک دواتر هەندێک سەربازی باشبۆزوقی برسی و پەرێشان بەمەبەستی تاڵانکردن پەلاماری ماڵی کابرای پۆڵۆنی دەدەن. بەڵام عەبدوڵا لێیان دێتە دەست و لەو ناوە دووریان دەخاتەوە. هەر لەو ماوەیەدا عەبدوڵا دڵی دەچێتە ناتالیا، دەیەوێت بیخوازێت و لەگەڵ خۆیدا بیباتەوە بۆ کوردستان. ئەگەرچی ناتالیایش دڵی بەو گەنجە کوردەوە بووە، بەڵام ترسی ئەوەی هەبووە لە کوردستان ببێت بە ژنی دووەم، یان سێیەمی عەبدوڵا. دواتر عەبدوڵا پێشنیار بۆ ناتالیا و باوکی دەکات بۆ خێپاراستن لە مەترسییەکان بولگارستان بەجێ بهێڵن و ڕوو لە ئیستانبوڵ بکەن......

ماوێتی بۆ ژمارە داهاتوو.

# مارتن فان دەر ڤایدن



مارتن فان دەر ڤایدن کە دە ساڵ لەمەوبەر، بووە پاڵەوانی ئۆلۆمپی لە پەکین و دواتر تووشی نەخۆشی شێرپەنجەی خوێن بوو، ئەمساڵ بڕیاریدا بە ئامانجی کۆکردنەوەی پارە، بۆ ئەنجامدانی 11 توێژینەوە لەسەر نەخۆشی شێرپەنجە، (تحدی)چالێنجێکی* شێتانە ئەنجام بدات و لە ناوچەی فریزلاند بە مەلە 200 کم ببڕێ. ماوەی سێ ڕۆژە هەموو هۆڵەندە بە دڵ و زۆرێکیش بە مەلەکردن لەگەڵی دەژین. ئەمرۆ دوای بڕینی 163کم و مانەوە 55 کاتژمێر لە ناو ئاودا و پێش گەیشتن بە خاڵی کۆتا، بەهۆی خراپی باری تەندروستیەوە وازی هێنا و گەیەنرایە نەخۆشخانە.





دواتر هەر بەقەرەوێڵەی نەخۆشخانەوە هێنرایە لێواردن، ئەو شارەی کە چالێنجەکەی لێوە دەستپێکردبوو و دەبوایە هەر لەوێش کۆتایی بهاتایە. خەڵکێکی زۆر لە پێشوازیدا بوون، لەوانە سەرۆک وەزیران (مارک ڕوتە) و پارێزگاری لێواردن، کە وەک هاوڵاتی ئاسایی و هەر لەناو خەڵکەکەدا وەستابوون. لە ئاهەنگی ڕێزلێنانێکی گەورەدا، بڕی پارەی کۆکراوە ڕاگەیەندرا، کە تا ئێستا گەیشتۆتە دوو ملیۆن و نیو زیاتر یورۆ و بەخشینینش هێشتا بەردەوامە.

هەمیشە پاڵەوانە ڕاستەقینەکان سەرسامم دەکەن!

* مینەی شاعیر بۆ تحدی وشەی (پێکۆڵ)ی لە کتێبی (سەلیقەی کوردەواریدا) بۆ بەرەوڕووبوونەوەی دوو سابرێن، یان دوو بەران، کە بەرەوڕووی یەکدی دەبنەوە بەکارهێناوە، بە قۆچەکانیان بەرانبەر بەیەک، کاک نەوشیروان مستەفاش لە کتێبەکانیدا بۆ تحدی عەرەبی (پێکۆڵ)ی بەکاریهێناوە.

بە سوپاسەوە ئەم کورتە نوسینەم لە پەیجی (باخچە)ەوە وەرگرتووە.

## دوو چالاکی ڕۆشنبیری لە لاهای هۆڵەندا





لە درێژەی کاروچالاکیەکانی یانەی کوردی "میدیـــا" لە هۆڵەندا، ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی 2018-08-12 بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە نوسەران و ڕۆشنبیرانی کورد، لە شاری لاهای پایتەختی سیاسی هۆڵەندا، باسێک لە لایەن نوسەر و ئەدیب (دکتۆر ئەحمەد محەمەد ئابڵاخی)یەوە، بەناونیشانی (کاریگەریەکانی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لەسەر ئەدەبی کوردی) پێشکەشکرا.



هەر لە میانەی چالاکییە فەرهەنگی و کەلتورییەکانی کورد لە هۆڵەندا، کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان و یانەی کوردی"میدیـــا"، نوسەر و وەرگێڕی ناسراو مامۆستا مینەی شاعیریان لە بەریتانیاوە بانگێشت کردووە، بۆ ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ڕێکەوتی 2018-08-25 کات 15:00 بۆ پێشکەشکردنی توێژینەوەیەک دەربارەی مێژوو بە گشتی و مێژووی کورد بە تایبەتی، بە ناونیشانی (مێژوو دووبارە نابێتەوە، مێژوو دووبارە دەکرێتەوە). مینەی شاعیر یەکێکە لەو پێشمەرگە و نوسەرانەی شاخ، لە دوای کیمیابارانی هەڵەبجە و جینۆسایدی ئەنفال، ئاوارەی ئێران بووە و پاشان لە وڵاتی بەریتانیا گیرساوەتەوە، خاوەنی دەیەها کتێبی دانسقەی چاپکراوە، هەر لەسەردەمی شاخەوە تا ئێستا، کتێبی(سەلیقەی کوردەواری)بە نموونە، جگە لە شیعرەکانی و نوسینەکانی خۆی، چەندان کتێبیشی لە زمانە جیهانیەکانی وەک ئینگلیزیەوە، کردووە بە کوردیی، دوا بەرهەمی چاپکراویشی، کە لەزمانی ئینگلیزیەوە وەریگێڕاوە، کتێبەکەی( مەیجەر سۆن)ە، بە ناونیشانی (گەشتێک بۆ میسۆپۆتامیا و کوردستان لە بەرگی نادیاردا) و لەو کۆڕەدا ئیمزا دەکرێت.

## هەر جارەی هونەرمەندێکی کورد



### هونەرمەند ئاراز حه مه حسێین

ئاراز حەمە حسێن، هونەرمەندێکی شێوەکاری کوردی خەڵکی باشوری کوردستانە، لە سلێمانی لەدایک بووە، ئێستا لە هۆڵەندا دەژی و لەوێش وەک مامۆستای دواناوەندی هونەر کاردەکات.

* ساڵی 2001–1998 خوێندنی ئەکادیمیای هونەری (HKU) لە هۆڵەندا لە ئوترێخت تەواو کردووە.

* ساڵی 1998–1997 خوێندنی ئەکادیمیای هونەری (AKI) لە ئەنیشخدەی تەواو کردووە.


* ساڵی 1989–1984 پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی تەواو کردووە.

* ساڵی 2011–2009 خوێندنی ئەکادیمیای پلان و نەخشەسازی خوێندووە. بەشداری چەندەها پێسەنگای تایبەتی و بە کۆمەڵی ناوخۆ و جیهانی کردووە.










# تاراوگە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە،
بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە

TARAWGA
E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam
Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807